# مەزراكانی سووتان

ئیسماعیل خورماڵی
xurmaly@yahoo.de

خۆت لە گوومانە وە مەدە ئەی یار
دڵت مەكە بە هێلانەی ئاگر
سێبەری هەر دارێ بچم
من خۆمم و سێبەری تۆشم پێ یە
بناوچێ كەسەرنجم باتەلێزمە
نیشتیمانی عیشقی تۆیە
زەلمێ كەمناڵی عیشقم وەبیربێنێ
تەنها و تەنهاسەما و سەمای
ئێوارانی تۆیە ئازیز
خەتام نەكردخەتام نەكردئەی یار
بەیادی سێوەكەی سوهرابەرچنەكەم لە سێو پڕكرد
ئەو سێوانەی ڕۆشناییانلەڕۆشنایی ئێوە دەچێ
خەتام نەكردخەتام نەكردئەی یار
لە خۆرنشینی شیعرێكی نارنجیدا
ئەو كوچانەم بە قیژە و بەهەنسک سپارد
مینا سوهراب زریكاندم
سەر لە سیحری عەدەم نابەم
ڕێش نابەمە سەر كۆڵانی وجود
رامانم سەوز
ڕۆح بەردەوام وا پێ دەكەنێ و
بوون بەردەوام كاژ تووڕ دەدا
رامانم سەوز
ئێوارەیەک بەیەک گەشتین
بەفر گوڵ گوڵ جەستەمانی ڕەش دەكرد و
نێوانیشمان وەكو ڕەوەز هەر بەرد و هەر بەرد
ئێوارەیەک ئێوارەیەک بەیەک گەشتین ئەی یار
من چۆلەكەی قەڵەمێكی بەرزە چڵ بووم
ژوورەكەم هەر هەر ئەوەندەی گەڵایەک بوو
تۆش هێشوویەک تۆش هێشوویەک هەلۆەریو بووی
لەڕەحمی ڕەزێک دەگەڕای ڕێ ی ڕەزێ ترت نیشان با
كە پێک گەشتین هێن زوو هاتیە ماڵی دڵم
هەر وەفریای خووانی عیشقێ كەوتم
چاوی ڕەش و
شیعری ڕەش و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ترێ ی ڕەشم لەبەردەم نای**
**تۆش تەنها و تەنها وەفریای**
**بەرامەی ڕیحانەم کەوتی**
**ئەو ڕیحانەش دوواین چڵ ودوواین عەتری من بوو ئەی یار**

**1996/سلێمانی**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com